# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٣٢) لە ٢٠٢٣/١١/٢٢

لەبەر ئەوەی یاسادانەر تەنها مەرجی (٢٥٪) بیست و پێنج لە سەدی لە دوا مووچە و دەرماڵە داناوە بۆ ڕاسپێردراو بە خزمەتی گشتی كە لە كاتی خزمەتدا وەریگرتووە بەپێی بڕگەی (سێیەم/٢) لە ماددەی(٧)ی یاسای چاكسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ئەگەر هاتوو مەرجەكانی خزمەت و تەمەنی خانەنشینی تێدا نەبێت و بێ دەنگ بووە لە چارەسەركردنی هەمان پرس بۆ خانەنشینبوونی فەرمانبەرانی پلە باڵا، و بە لەبەرچاوگرتنی حوكمەكانی یاسا یەك لە دوای یەكەكانی بودجەی گشتیی فیدراڵی كە دووپاتی خانەنشینكردنی فەرمانبەرانی پلەی (معوم) دەكات، و لە پێناو بەرجەستەكردنی بنەماكانی دادپەروەری، و بە پشتبەستن بە فەرمانی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢٤١) لە ٢٠٢٢/٧/٢٧، و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆكایەتی دیوان ژمارە (٤٦٦٤) لە ٢٠٢٣/١٠/١٨ و نووسراوی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ژمارە (١٨) لە ٢٠٢٣/١١/١٦، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٠) لە ٢٠٢٣/١١/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوبەری گشتی و سەروتر كە پێكهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوبەرایەتی گشتی و سەروتر بەڕێوەنابات و سەرۆكی یەكە ئیدارییەكانیش (پارێزگار، قایمقایم، بەڕێوبەری ناحیە) كە هیچ یەكەیەكی ئیداری بەڕێوەنابەن و پێشتر فەرمانبەری حكومەت بوون، بەپێی حوكمی بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی (٧)ی یاسای چاكسازی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠، دەتوانن بە ئارەزوومەندانە بۆ سەر وەزیفەكانیان بگەڕێنەوە، و دەست لەكاركێشانەوەیان هەڵدەوەشێتەوە و ڕاژەكەیان بۆ هەژمار دەكرێت، بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلەبەرزكردنەوە و خانەنشینی، و لایەنی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە دابینكردنی پلەی وەزیفیی پێویست و تەرخانكراوی دارایی پێویست بۆیان، و سەرپشك دەبن لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی یان مووچەی ئەو وەزیفەییەی كە بۆی دەگەڕێتەوە.

٢. جگە لە ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی، سەرجەم ئەوانەی لە بڕگەی (یەکەم) ماددەی (٧) ئاماژەیان پێدراوە و پێش جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی خانەنشین کراون و ئەوانەی لە دوای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی وەك (معوم) ماونەتەوە و سوودمەند نەبوون لە بڕگەی (١)ی سەرەوە و مەرجەکانی بڕگەی (سێیەم/١) لە ماددەی (٧)ی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ نایانگرێتەوە و خزمەتی خانەنشینیان لە (١٥) پانزە ساڵ کەمتر بێت، یان (٤٥) چل و پێنج ساڵ لە تەمەنیان تەواو نەکردبێت، ئەوا پێویستە ڕێکارەکانی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای چاکسازی لەسەریان جێبەجێ بکرێت و نابێت لە ڕێژەی (٦٠٪) لە کۆی گشتی دواموووچە و دەرماڵە کە لەکاتی خزمەتدا وەریان گرتووە تێپەڕ بکات.

٣. وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگیی سکرتاریەتی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٤. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**